حەلەب.. کوژرانی ٤ کەس بەهۆی پێکدادانی نێوان هێزە حکومییەکان و هەسەد

ئەمڕۆ سێشەمە، چوار کەس کە سێیان مەدەنین، کوژران بەهۆی پێکدادانەکانی نێوان هێزە حکومییەکان و هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەد) لە شاری حەلەب لە باکووری سوریا.

میدیای فەرمیی سوریا ڕایگەیاند کە ئەندامێکی وەزارەتی بەرگری و دوو ژن کوژراون، بەهۆی تەپبارانێکی هێزەکانی سوریای دیموکرات بە سەر چەند گەڕەکێکی شاری حەلەب. لە لایەکی ترەوە، هێزە کوردییەکان کوژرانی هاوڵاتییەکی نیشتەجێی گەڕەکی (شێخ مەقسوود)یان تۆمارکردووە، کە زەرینەی دانیشتووانەکەی کوردن.

دەسەڵاتدارانی سوریا داوایان لە هاوڵاتیان کردووە کە لە ناوچەکانی بەریەککەوتن دووربکەونەوە و کەبوونەوەکان لە ناوچەکانی نزیک لە هەردوو گەڕەکی (ئەشرەفییە و شێخ مەقسوود) بەاوەی پێ بکەن.